# کاتێک ئەبو تاڵیب خەریک بوو کۆچی دوایی بکات؛ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هات بۆ لای، عبدالله کوڕی ئەبی ئومەیە وئەبو جهل لە لای بوون، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: ئەی مامە، بڵێ: (لا إله إلا الله)، وشەیەکە کە لای خوای گەورە شاهێدیت بۆ دەدەم لە سەری

لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە لە باوکیەوە موسەیبی کوڕی حەزەن -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک ئەبو تاڵیب خەریک بوو کۆچی دوایی بکات (نزیک بوو لە کاتی سەرە مەرگ)؛ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هات بۆ لای، عبدالله کوڕی ئەبی ئومەیە وئەبو جهل لە لای بوون، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: ئەی مامە، بڵێ: (لا إله إلا الله)، وشەیەکە کە لای خوای گەورە شاهێدیت بۆ دەدەم لە سەری، ئەو دووانەی کە لە لای بوون پێیان ووت: ئایان پەشیمان دەبیتەوە لە ئاینی عەبدولموتەڵیب؟، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- قسەکانی دووبارە کردەوە، وئەوانیش قسەکانیان دووبارە کردەوە، بۆیە دواین شت کە (ئەبو تاڵیب) ووتی ئەوەیە کە ئەو لە سەر ئاینی عەبدولموتەڵیبە، وڕەتی کردەوە کە بڵێت: لا إله إلا الله، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: داوای لێخۆشبوون (ئیستیغفار)ت بۆ دەکەم؛ ئەگەر نەهیم لێ نەکرێت، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قربى...}، [التوبة: 113]واتە: {ڕەوا وشایستە نیە بۆ پێغەمبەر وباوەڕداران کە داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ هاوبەشدانەران با خزمی نزیکیشیان بن...}. وخوای گەورە سەبارەت بە ئەبو تاڵیب ئەم ئایەتەی دابەزاند: {إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ}، [القصص: 56] واتە: {بەڕاستی (ئەی موحەممەد -صلی الله علیه وسلم-) تۆ ناتوانیت ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێت ڕێنمونی وهیدایەتی بدەیت، بەڵام خودا هەرکەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات وئەو (خودایە) زاناترە بە ئەوانەی هیدایەت وڕێنمونی وەرگرن}.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە کاتی سەرەمەرگی ئەبو تاڵیبدا سەردانی کرد وبانگەوازی کرد بۆ مسوڵمان بوون؛ بۆ ئەوەی کۆتایی ژیانی بە مسوڵمانی بمرێت وبەمەش خۆشی وسەرفرازی دەستبکەوێت، وداوای لێکرد وشەی یەک خوا پەرستی (تەوحید) بڵێت، وموشریکەکان ووتیان لە سەر ئاینی باوباپیرانت بمێنەوە کە شیرکە، چونکە زانیان واتای ئەم وشەیە چیە (لا إله إلا الله) کە بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە بە دڵسۆزیەوە وبەریئبوونە لە پەرستنی جگە لە خودا، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- داوای لە مامی کرد کە ڕستەی شایەتمان بڵێت، وموشریکەکانیش ڕێگرییان لێی کرد لەوەی بیڵێت وهۆکاری ئەوە بوون کە شوێنی هەق نەکەوێت ولە سەر شیرک بمرێت. ودوای ئەمە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سوێندی خوارد کە داوا لە خودا دەکات لێی خۆش ببێت ئەگەر قەدەغەی لێنەکرێت، بۆیە خوای گەورە قەدەغەی لێیکرد وڕوونی کردەوە کە هیدایەت بە دەستی خودایە وبە هەرکەسێک بیەوێت دەیبەخشێت، چونکە دەزانێت کێ هیدایەت بۆی باشە وکێ بۆی باش نیە، وخوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند: {مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ}[التوبة: 113],واتە:{ ڕەوا وشایستە نیە بۆ پێغەمبەر وباوەڕداران کە داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ هاوبەشدانەران با خزمی نزیکیشیان بن لە پاش ئەوەی کە بۆیان دەرکەوتووە کە بێگومان ئەو (هاوبەشدانەرانە) هاوەڵ ویێری دۆزەخن}، وسەبارەت بە ئەبو تاڵیب: {إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ}[القصص: 56],واتە:{بەڕاستی (ئەی موحەممەد ﷺ) تۆ ناتوانیت ئەو کەسەی خۆشت بوێت ڕێنمونی بکەیت بۆ هیدایەتدان، بەڵام خودا هەرکەسێکی بوێت

ورده‌گرن ڕێنمونی به‌وانه‌ی زاناتره (خودایه)ئه‌و هیدایه‌تی ده‌دات}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3410

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee